بەهۆی هاوکاری کردنی رووسیا ئەمریکا سزای زیاتر بەسەر ئێراندا دەسپێنێت

بەهۆی هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران بە رووسیا، واشنتن سزای زیاتر بەسەر تاراندا دەسپێنێت.

جۆن کەربی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کۆشکی سپی رایگەیاند، ئێران درێنی ڕۆژانی رووسیا کردووە و لەدژی ئۆکرانیا بەکارهێنراون، ئێستاش تاران لە هاوکاریکردنی مۆسکۆ بەردەوامە، لە وەڵامی ئەمەش، ئەمریکا لە چەند ڕۆژی داهاتوو سزای زیاتر بەسەر ئێراندا دەسپێنێت.

ئاماژەی بەوەشدا، چەند راپۆرتێک بەاوکراونەتەوە، کە ئێران دەیەوێت مووشەکی باڵیستی ڕۆژانی رووسیا بکات، ئەگەر ئێران بیەوێت کاری لەو شێوەیە بکات، کەمەگەی نوودوومەتی بە توندی وەڵامی تاران دەدەنەوە.

بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسی رێیتەرز، ئێران ژمارەیەکی زۆر لە مووشەکی باڵیستیکی بە رووسیای هاوپەیمانی دابین کردووە، ئەمەش هەنگاوێکە کە هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان هەردوو وڵات کۆتووەتە ژێر سزاکانی ئەمریکا.

هاوکات سە سەرچاوەی ئێرانی رایانگەیاندووە، تاران نزیکەی 400 مووشەکی بە رووسیا دابینکردووە، کە زەربەیان مووشەکی بالیستیکی کورت مەودای "فاتح-110"، وەک مووشەکی زولفیقار، شارەزایان دەڵێن، ئەم مووشەکە توانای پێکانی ئامانجەکانی هەیە لە دووری نێوان 300 بە 700 کیلۆمەتر.

لای خۆیەوە بەرپرسێکی سەربازیی ئێران ئاماژەی بەوەکرد، لانیکەم چوار بەرهەڵگری مووشەک ڕەوانە کراوە، گوتیشی: لە چەند هەفتەی داهاتووشدا ڕەوانەکردنی بارهەڵگرەکان زیاتر دەبێت.

بەرپرسێکی دیکەی باڵای ئێران ڕایگەیاند، بەشێک لە مووشەکەکان بە کەشتی لە دەریای قەزوین ڕەوانەی رووسیا کراون و بەشێکی دیکەشیان لە ڕێگەی ئاسمانییەوە گواستراونەتەوە.